پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە سواری وبە ڕێ کردنەوە سەردانی قوبائی دەکرد، ودوو ڕکات نوێژی تێیدا دەکرد

لە عبدالله کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە سواری وبە ڕێ کردنەوە سەردانی قوبائی دەکرد، ودوو ڕکات نوێژی تێیدا دەکرد». و لە گێڕانەوەیەکدا: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەهات بۆ مزگەوتی قوباء هەموو ڕۆژی شەممەیەک بە سواری وبە ڕێ کردنەوە، وئیبن عومەریش هەمان شتی ئەنجامدەدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ڕیواتەکەی]

ناوچەی (قوباء) کە یەکەم مزگەوتی تێدا دروستکرا لە ئیسلامدا، گوندێکی نزیکە لە ناوەڕاستی مەدینەوە لە سەرووبەتی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە سواری ئاژەڵ وبە پێوە هەندێک جار سەردانی دەکرد، ودەڵێت هەموو شەممەیەک: چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێک ڕۆژی تایبەت دەکرد بە سەردانی کردن ودانایی لەمەدا ئەوەیە کە هەموو شەممەیەک دەهات بۆ قوباء بۆ ئەوەی سەردانی (ئەنساڕەکان) بکات وپرسیار لە حاڵ وکاروباریان بکات ولێیان بپرسێتەوە سەبارەت بە دواکەوتنیان لە ڕۆژی جومعە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3443